زنجیرەی منداڵی سەردەم


٧

هەستەکانی تۆ

# من چەوساوەم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من چەوساوەم


نووسینی: برایان مورس

نیگاری: مایک گۆردن


بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

کاتێک دەمچەوسێننەوە، هەستدەکەم برینداربووم،
هەست بە ترس دەکەم، هەستدەکەم بچووکبومەتەوە.



کاتێک ئەوە بۆ دایکم و باوکم دەگێڕمەوە،
ئاسودەدەبم و هەستدەکەم گەزگەز باڵادەکەم.



کاتێک دەمچەوسێننەوە..
پێچ بەسکمدا دێت...



شەو خەوم لێ ناکەوێت...



هەستدەکەم تەنیاترین کەسی
سەرزەویم و کەسێک نییە
قسەی لەگەڵدا بکەم...






ئارەزووی هیچ شتێکیش ناکەم.

کاتێک کوڕێکی لاسار دوامدەکەوێت و قژم ڕادەکێشێت،
هەستدەکەم بنیادەمێکی چەوساوەم.



بەڵام من دەیکەم بە هاتوهاوار و
ئیتر هەموو دەزانن چی قەوماوە.







کاتێک کچان گاڵته به
چاویلکه‌که‌م ده‌که‌ن و
ناوناتۆره‌م لێ ده‌نێن،
هه‌ستده‌که‌م بچووکبوومه‌ته‌وه.

بەڵام مامۆستاکە دێت و نایەڵێت
گاڵتەم پێ بکەن و تەریقیاندەکاتەوە.




کاتێک خوشکەکەم  یارییەکانم دەبات و خراپیاندەکات،
هەستدەکەم ئەویش من دەچەوسێنێتەوە.



بەڵام ئەو بێتاقەتیەکەی خۆی بە یارییەکانی من دەڕێژێت،
لەبەرئەوەی خوشکە گەورەکەمان ئازاری ئەوی داوە.



کاتێک منداڵە هاروهاجەکان گاڵتە بە هاوڕێکەم دەکەم،
ئەو هەستدەکات چەوساوەیە.



بەڵام ئەو دێت بۆ لای من تا پێکەوە یارییبکەین.



کەسانی گەورە هەن دەڵێن: «یەکێک ناهەقیی کرد بەرامبەرت، دەبێت تۆش ناهەقی بکەیتەوە بەرامبەری».



بەڵام جاری وایە ئەمە شتەکە خراپتردەکات.



ئادەمیزادە گەورەکانیش هەندێکجار هەستدەکەن
ئەوانیتر دەیانچەوسێننەوە..



بەڵام ئەوان خۆشیان خەڵكی تر دەچەوسێننەوە .



بۆ ئەوەی بەرامبەر خەڵکی شەللاتی خۆڕاگربم،
بیر لە شتی باش یان ئەو ئیشە باشانە دەکەمەوە کە دەیانزانم.



کاتێک پیشانیدەدەم کە لە هەڕەشە ناترسم،
ئیتر بنیادەمە شەللاتییەکە دەڕوات.



هەندێکجار بە ئازاییەوە ڕووبەڕووی بنیادەمە زاڵمەکان دەبمەوە.



بەخەڵکی زاڵم دەڵێم واز لە چەوساندنەوەی کەسانی تر بهێنن،
ئینجا ڕێی خۆم دەگرمە بەرو دەڕۆم.






کاتێک کەسێک ناهەقی بەرامبەرم دەکات. باشترین شت ئەوەیە کە بچم ئەوە بۆ کەسێکی لە خۆم گەورەتر بگێڕمەوە. گرنگ نییە ئەو کەسە کێ بێت: دایکم، باوکم، مامۆستا، یان هەر کەسێکی تر.





مامۆستا ژنەکەمان دەڵێت کەس مافی ئەوەی نییە کەسێکی تر بچەوسێنێتەوە.




شەللاتیەکانیش حەزدەکەن کەسێک هەبێت قسەیان لەگەڵدا بکەن.
ئەوان زۆربەی کات دڵیان خۆش نییە.

















**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە